سەرۆک کۆمار وسەرۆکی میسر پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزان ئاوگۆ دەکەن



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ چوارشەممە 10-4-2024 بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لەعەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی کۆماری عەرەبی میسرەوە پێگەیشت. بەگوتەی ڕاگەیەندراوەکی سەرۆکایەتی کۆمار لە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەدا پیرۆزبایی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانیان ئاوگۆ کرد و هیوایان خواست هەردوو گەلی عەراق و میسر لە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری زیاتردا بژین.

هەروەها باسیان لە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵات کرد و ستایشی پێشکەوتنی پەیوەندیەکانیان لە زۆرێك لە بوارەکاندا کرد، هەروەها تێئکیدیان لە گرنگی درێژدان بە کارکردن بە پەرەپێدانی ئەو پەیوەندیانە کردەوە لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی هەردوو گەلی برا.

هەر لە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەدا، ڕوشی کارساتباری گەلی فەڵەستین بەهۆی پەلاماری دوژمنکارانەی سەر کەرتی غەزە تاووتوێکرا و تێئکیدکرایەوە لەسەر گرنگی ڕاگرتنی دەستبەجێی جەنگ و هەروەها پێشکێشکردنی پشتیوانی و پاڵپشتی بە گەلی فەڵەستین و مسۆگەرکردنی سەرجەم مافەکانی.